www.kurdistannet.org
19-6-2007 18:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کورسی و دیموکراسی.... ... دیاری عەبدولحەمید

دیموکراسی پێش ئەوەی شێوەیەك بێت لەفەرمانڕەوایی ژینگەیەکەلەوەبەرهێنان، بەو واتایەی ناتوانین سیستەمێکی دیموکراسی پراکتیزەبکەین بەبی ئەوەی باس لەڕۆحەکەی نەکەین، وەرگرتنی ناوی دیموکراسی بەبی ڕەچاوکردنی جەوهەروناوەڕۆکەکەی ئەوسیستەمەی لێدەکەوێتەوەکەلەنێوان توتالیتاروفاشیەتداناوێکی ترلەخۆی ئەنێت، دیموکراسی پێش ئەوەی دروشمی پڕوپاگەندەی حزب بێت چەمکێکی ئەخلاقی گەورەیەوپەیوەندی بەیەکسانی وباشترین وئاڵوگۆڕی دەسەڵاتەوەهەیە، بەدەرلەمەش پێمواپەشتێك نیەناوی دیموکراسی بێت ئەوەندەی لەنێوانی توتالیتاریەت وفاشیەتداناوی تردەمێنێتەوەبۆپێناسەکردن.
لەوڵاتی ئێمەدوای پانزەساڵ لەفەرمانڕەوایی خۆبە خۆهەمان ڕووخسار و هەمان بەرنامە و هەمان قەوان بەئامرازی جیاوازی دەربڕین لێ ئەدرێتەوە ئەمە لەکاتێکدایە لەوڵاتی دیموکراسیدا بەرنامە وبیروباوەڕ هەربالاو قەبارەیەکی هەبێت لەدوای چوارساڵ لەدەستپێکردنی سەرجەمی بەرنامەوبیروباوەڕەکەبەمردنێکی ڕۆحی ئەمرێت وپاشان کەسانی ترباشتر لەوان پەیدائەبن و لەدواجاریشدا ئەم گەشەپێدانە کاتیانە نابێتە سەروەری بۆهیچ لایەك ئەوەندەی دامەزراوە دیموکراسیەکان بەشی شێری ئەوسەروەریانەیان بەردەکەوێت.
لەڕاستیدامن بەلامەوەسەیرەکاتی بەرپرسێکی باڵاورۆشنبیری ئێمەخۆی واپێناسەدەکات کەگوایەلەدوای ئەوان بەدیل نیە، یان ئەوپرسیارەت لێدەکات، کەبەدیل کێیە، بەبڕوای من ئەم پرسیارەخۆی لەخۆیدا، وەیان بەعیلمی کەلیمەپرسیارێکەکەبۆنی قسەکانی دیکتاتۆرێکی لێوەدێت کەبەزمانی سەردەمەوەبیکات، نەبوونی بەدیل بەبڕوای بەرپرسەکانی ئێمەوای کردوەئەوکورسیەی کەبەقورساییەکی زۆرەوەلەسەری بەبەردەوامی دانیشتون لەشکان وگۆڕینی خودی کورسیەکەسڵبکەنەوە، ئەمەلەکاتێکدایەلەوڵاتی دیموکراسیدابی وەفاترین کەرەستەکورسی یە لەبەرئەوەی ناوی کورسی یە.
کێشەی نەبوونی بەدیل نەك بۆئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات بەڵکوبۆئاڵوگۆڕکردنی ناوپۆستەکانی دەسەڵاتیش نیە، بەڕویەکی تردائێمەبەرپرسمان هەیەزیادلەدەپۆستی هەیەوکەچی لەبەرامبەردازۆرترین قسەلەسەردیموکراسی دەکات ولەوپێناوەشداکتێبی گەورەدەنوسی، ئەمەلەکاتێکدایەئەوبۆی هەیەبەکردەوەبینوێنی کەدیموکراسییەونوسینیش بۆئەوکەسانەبهێڵێتەوەکەهەست بەبەرپرسیاری دەکەن ودەیانەوێت بەکتێبی گەورە"نا" بەڵکوبەوتاروهۆشیارکردنەوەباس لەوژینگەیەبکەن کەناوی دیموکراسییە، لەمبارەیەوەپێویستەحزب ڕەچاوی ئەو وتارورەخنانەبکات کەڕووبەڕویان دەبێتەوە، لەبەرئەوەی لایەنێکی تری دیموکراسییەت حساب کردنەبۆئەویتر، پێویستەعەلمانییەعاقڵەکان چیترجەستەی دیموکراسی بەبی ڕۆحەکەی نمایش نەکەن، پێویستەحزبەددەسەڵاتدارەکانی ئێمەلەوکەسانەکەڵك وەربگرن کەبیرلەپێشکەوتن وهەمەڕەنگی دەکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.